خەزێنەداری مسوڵمانی ئەمین کە فەرمان بە تەواوی وبە ڕووخۆشیەوە جێبەجێدەکات وسپاردەکە دەدات بە ئەو کەسەی کە فەرمانی پێکراوە پێی بدرێت؛ لە یەکێک بە خێرکاران دادەنرێت

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خەزێنەداری مسوڵمانی ئەمین کە فەرمان بە تەواوی وبە ڕووخۆشیەوە جێبەجێدەکات وسپاردەکە (ئەمانەتەکە) دەدات بە ئەو کەسەی کە فەرمانی پێکراوە پێی بدرێت؛ لە یەکێک بە خێرکاران دادەنرێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین بوخاریە]

خەزێنەدار بە یەکێک لە خێرکاران دادەنرێت ئەگەر ئەم چوار وەسفەی تێدا بێت: ئیسلام (مسوڵمان بوون)، وئەمانەت (سپاردە) پاراستن، وجێبەجێکردنی فەرمانەکان بە بەخشین بە خەڵکی، ولە کاتی بەخشیندا ڕووخۆش ودڵ فراوان بێت بەرامبەر بە ئەو کەسەی پێی دەبەخشێت. وەسفی یەکەم: ودەبێت خەزێنەدار مسوڵمان بێت، وئەگەر کافر بێت وئەمانەت بپارێزێت ئەوا هیچ پاداشتێکی بۆ نابێت لە لای خوای گەورە لە قیامەتدا هەرچەندە کردەوەی چاکیشی ئەنجامدا بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا}[الفرقان: 23] واتە: {هاتین هەر کردەوەیەکیان کرد بوو هەموویمان وەکو تۆزی پرش وبڵاو لێکرد (پوچەڵ بوونەوە بۆیە پاداشتی لەسەر وەرناگرن)}، وهەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ}[البقرة: 217] واتە: {وە هەرکەسێک لە ئێوە لە دینی خۆی (لە ئیسلام) هەڵبگەڕێتەوە وە بەبێباوەڕی بمرێت ئا ئەوانە هەموو کردەوەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە لە دونیا و دواڕۆژیشدا وە ئەوانە یار و هاودەمی ئاگرن تێیدا دەمێننەوە بە هەتاهەتایی}، بەڵام ئەگەر کردەوەی چاکەی ئەنجامدا وپاشان مسوڵمان بێت ئەوا پاداشتی کردەوە چاکەکانیشی پێشووی (پێش مسوڵمان بوونی) پێدەبەخشرێت. وەسفی دووەم: ئەمین بێت واتا ئەو سپاردەیەی لە لایەتی ئینجا پارە بێت یان هەرشتێکی تر ئەوا بە تەواوی دەیپارێزێت وکەموکورتی تێدا ناکات وگەندەڵی ناکات وزیادەڕەوی ناکات. وەسفی سێیەم: ئەوەی فەرمانەکان جێبەجێ دەکات؛ چونکە هەندێک کەس هەیە ئەمانەت پارێزە بەڵام تەمەڵە، بەڵام ئەم کەسە ئەمینە وئەوەی پێی دەووترێت دەستەجێ جێبەجێی دەکات، بۆیە سیفەتی هێز وئەمانەت پاراستنیشی تێدایە. وەسفی چوارەم: ڕووخۆش ودڵ فراوان بێت بەرامبەر ئەو کەسەی پێی دەبەخشێت؛ واتا لە کاتی بەخشیندا ڕووی خۆش بێت ومنەت بەسەر خەڵکیدا نەکات لە کاتی بەخشیندا یان وا دەرنەخات کە فەزڵی هەیە بەسەریانەوە، ئەگەر ئەم سیفەتانەی تێدا بێت ئەوا بە یەکێک لە خێرکاران دادەنرێت ئەگەرچیش لە گیرفانی خۆی یەک فلس نەبەخشێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3125